# فەزڵی حەج کردن

[ بە کوردی ]

# فضل الحج

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز

الكاتب : بشتیوان صابر عزیز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و
وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# فەزڵی حەج کردن

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار و، سەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەری خۆشەویستمان صلى الله عليه وسلم...پاشان:

ئەم بابەتەکورتەیەکەلەسەر فەزڵی حەج کردن بۆ ئەوەی ببێتەهاندەرێك بۆ ئەو کەسانەی کەتا ئێستا حەجیان نەکردوەو، زیادکردنی خەیر بۆ ئەو کەسانەی کەحەجیان کردوە.

ڕاستەلەوڵاتی ئێمەحەج بەنسیبی هەموو کەس نابێت لەبەر ئەو سستەمەی کەدانراوەبۆ دیاری کردنی حاجیان، ئەویش بەتیر و پشك دەبێت، بەڵام وا باشەئەوەی کەتوانای حەج کردنی هەیەنیەتی هەبێت ئەدای ئەو روکنەبکات، وەئەگەر ناویشی دەرنەچوو، ئەوەپاداشتی بۆ دەنوسرێت.

ئەبو هورەیرەـ خوا لێی ڕازی بێت ـ دەفەرموێت: گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو:(( يقول: (( من حج هذا البيت فلم يرفث ولم يفسق رجع من ذنوبه كيوم ولدته أمه )) .متفق عليه

لەم فەرمودەیە روونکردنەوەی تێدایەکەوا حەج هەموو گوناهەپێشوەکانی مروڤی موسڵمان کەلەژیانیدا ئەنجامی داوەدەسڕێتەوە.

هەروەها پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:(( الحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة )) متفق عليه، واتە : حەجی پاك و پوخت پاداشتەکەی تەنها بەهەشتە.

لەم دوو فەرمودەیەگەورەیی و فەزڵی حەجمان بۆ روون و ئاشکرا دەکات، لەیەکەم فەرمودەپێغەمبەری خوا روونی کردەوەکەوا حەج کردن دەبێتەمایەی لابردن و سڕینەوەی تاوانەکان لە( دونیا )، وەلەفەرمودەی دووەم پێغەمبەی خوا روونی کردەوەکەحەج کردن پاداشتەکەی لە( دوارۆژدا ) بریتیەلەبەهەشت.

هەروەها بەڵگەلەسەر فەزڵی حەج کردن ئەوەیەکەخوای گەورەلەئێوارەی رۆژی عەرەفەدادەبەزێت ـ بەو شێوەی لایقەبەخۆی ـ موباهاتی فریشتەکانی دەکات بەو هەموو حاجیانەی کەئامادەبوونەلەعەرفات، دایکی ئیمانداران عائیشەـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ دەیگێرێتەوەبۆمان کەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (( ما

من يوم أكثر من أن يعتق الله فيه عبدا من النار من يوم عرفه، وإنه ليدنوا ثم يباهي بهم الملائكة فيقول ما أراد هؤلاء )) رواه مسلم.

هەروەها بەڵگەلەسەر فەزڵی حەج کردن ئەو دوعا و زیکر و نزیك بوونەوەیەلەخوای گەورەبەپێشکەش کردنی قوربانی.پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (( أفضل الحج العج والثج )) رواه الترمذي وابن ماجه والحاكم . وە( العج ) مانای بەرز کردنەوەی دەنگەلەکاتی زیکرکردندا، وە( الثج ) مانای خوێن و سەربرینە .

وەنابێت لەیادمان بچێت کەحەج کردن ڕوکنێکەلەڕوکنەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم : ((بني الإسلام على خمس .... وذكر منها حج البيت ".

وەحەج کردن واجب و فەرزەبەکۆی دەنگی زانایان ، وەبەڵگەی لەسەرەلەقورئان و سوننەت .

بەڵگەلەقورئانی پیرۆز، خوای گەورە دەفەرموێت : { وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ الله غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ .. }(97- آل عمران).وەلەسوننەتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم :(( أيها الناس إن الله كتب عليكم الحج فحجوا )) . رواه مسلم.

وەمانای ئایەتی:{ وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ } واتە: خوای گەورەمافی هەیەبەسەر خەڵکیەوەکەوا حەجیماڵەکەی بکەن.

وەمانای فەرمودەکەی پێغەمبەری خوا :(( كتب علكم )) واتە: حەج کردن فەرزەلەسەرتان.

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورەحەجی هەموو حاجیان قەبوڵ بکات و لەگوناهی هەموو لایکمان خۆش بێت.

هەروەها داواکارم لەوکەسانەی کەناویان دەرچوەبۆ حەج کردنی ئەمساڵ نیەتی خۆیان پاککەنەوەو تەوبەیکی ڕاست و دروست بکەن و بەتەواوەتی بگەڕێنەوەلای خوای گەورە، بۆ ئەوەی ئەو پاداشتەمەزنەی دانراوەبۆ حاجیان بەدەستی بهێنن.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين